# زیخ دانەدانە

## هایکو

ملکۆ ئەحمەد

# زیخ دانە دانە

## هایکو

2020

ملکۆ ئەحمەد

ناوی کتێب : زیخ دانە دانە
نووسەر : ملکۆ ئەحمەد
بابەت : هایکو
ساڵی چاپ : 2020 ز
ژمارەی لاپەڕە : 79 لاپەڕە
تیراژ : 500 دانە
دیزاینی بەرگ و ناوەوە : کۆسرەت بورهان
نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی 1092ـی ساڵی 2020ـی پێدراوە

پێشەکییەکی هایکووانە...

پێنووسەکەم مەرەکەبی جاویدانیی ئەڕیژێ، لەدوای نەمانی خۆم وشەکانم بە زیندوویی ئەمێننەوە، ئەوانە قسەی دڵی منن، کەواتە: دڵی من ئەو کاتەش لە لێدان نەکەوتووە.

وا سێ ساڵ بەسەر دامەزراندنی یانەی هایکوی کوردیدا تێدەپەڕێ، ئەو پرۆژە ئەدەبییەی کە لەگەڵ هاوڕێکانما دەستمان پێکرد، سەرەتایەکی قورسمان بەڕێکرد و ئاستەنگی زۆرمان هاتەپێش، بەڵام ئێمە بە گەشبینییەوە دەمانڕوانیە داهاتووی پرۆژەکەمان، لە ئێستادا هایکو بووە بە بەشێک لە ئەدەبی کوردی و دەیان توێژینەوە و وتاری لەبارەوە نووسراوە و ئەنووسرێ، هایکونووسان بەردەوامن لەسەر داهێنانی خۆیان رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دیوانی هایکو چاپدەکرێ، یانە و پەیجی یانە و گۆڤاری هایکیست بەردەوامن لە بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی جوانیی بە هەموو کوردستاندا، چ بە نووسین بە پیتی عەرەبیی چ بە پیتی لاتینیی، بە گشت زاراوە رەسەنە کوردییەکان.

# زیخ دانە دانە

ناونیشانی دووەم کۆمەڵەی هایکومە کە بە زمانی شیرینی کوردیی نووسراوە، بێجگە لە دوو کۆمەڵەی دیکەم بە زمانی عەرەبی، ئەم کۆمەڵەیە کە لە 150 وردە زیخی هایکوی فرەبابەت و فرە تەکنیک پێکهاتووە، سروشت و رووداو و دیمەنی کوردستان هەوێنی ئەم ئەفراندنەیە، هەناسەی نووسەرێکی کورد روحی کردووەتەبەر دەقەکان، دەقەکانی ناو زیخ دانە دانە زیاتر دەچنەوە سەر قوتابخانەی مۆدێرنی هایکو، چوون لە ئێستادا هەموو گەلانی دنیا خۆیان لە مەرجەکانی قوتابخانە کلاسییەکان دائەتەکێنن بۆ رزگاربوون لەو کۆتوبەندانەی رێگرن لە بەردەم داهێنانی ئەدەبییدا, زمانی کوردییش وەک هەر زمانیکی تر تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەر بۆیە دەبینین ئەو تایبەتمەندییە وایکردووە زمانەکەمان شیاوترین زمان بێت بۆ نووسینەوەی هایکو.

ملکۆ ئەحمەد

فرمێسکی سەر برژانگ،
لە کەوتندایە ـ
دڵۆپە شەونم !

پرتەپرتی چراکەی دەستی،
شەوارە بە ئەسێرە دەکا ـ
مانگ !

گورزەیەک تریفە،
کەوتووەتە جاڕە گەنمەکەوە-
دەڕاسەکە هەڵیدەلووشێ!

لە قاپێکی نیلیدا،
لەتێک سپێنەی هێلکە بەجێماوە-
مانگە شەوێکی رەمەزان!

سووتماك،
ناخیشی وەک بەرگی پەڵاسە‌ـ
کێڵگە!

چەشنی گوڵەگەنم،
لێماندی ـ
رەشپۆشیی!
!

تا چاو بڕکا ڕەشایی،
لێرەوە گوزەر دەکا۔
ئاگر!

نوقورچێکم لێگرت،
دەستم بە خوێنی سووربوو۔
شاتوو!

بەردم تێگرت،
وێنەکەمی لە دڵیا لۆچکرد ـ
کانیاوێ!

خەندەی گوڵ نەبێ؛
کوا ئارەزووی فڕینی هەیە؟
پەپوولە!

دێوەزمەی شەو،
دەستی ناوەتە بیناقاقای ڕووناکیی ـ
ئاوابوون!

لە چاوەڕوانیی پەپوولەدا،
ڕەنگی پەڕیوەـ
گوڵی ئێسکە پەیکەر !

کەشێکی بەهارە،
چی گوڵ هەیە لێرەن،
تۆ نەبی!

ئاسمان خومخانەیە،
گوڵەکان خۆیان داوەتە بەر هەتاو،
تۆش لەسێبەری پیاوێکا هێشتا خونچەی!

تا چاوبڕکا سەوزایی،
هێشتا چڵەی زستانە ـ
دڵم!

ڕەشبەڵەکی ناو بژوێن،
دەستی یەکیان گرتووە ـ
چاوبازە!

بە دەست و پەنجە،
هێواش هێواش روتم کردەوە ـ
چاوبازە!

کلوی بەفر -
پاشماوەی ماچە تەزیوەکانی بایە،
لە هەورە دەکەوێت!

داهۆڵێکی لە کۆنکرێت,
ڕیزبونی باڵندە لەسەر -
پەیکەری شاعیرێك !

لەیەخەی کراسێکی شەرابیدا,
مەست و ماتە -
پەپوولە !

ئاسمانِ چووەتە تەمەنەوە،
نەدیوە تاڵە سپییەکانی دەوەرێن؟
کلوی بەفر!

لێیبووە بە گەڵا،
دەیەوێ بۆینباخە زەردەکەم ببا-
با !

(با) سەری دەرویشان دەخولێنێتەوە،
چ حاڵێکی لێهاتووە-
دارتووەکە!

(با) تەرمەکان دەگلێنێ،
چ کۆمەڵکوژییەکە-
گەڵای وەریو!

لە هەنگ وایە،
هەڵاڵەی گوڵە ـ
کلی چاوانت!

سبای ساڵحانە-
بەدەنووک هاتووەتە چاوی پەنجەرەکەیا,
تکەی باران!

(با) تاوی ناوە،
خۆی نووسانووە بە شوشەی پەنجەرەوە۔
رەشنووسی هایکویەک!

لە هەڵمی پەنجەرەکە،
بە خۆشنووسیی ناوت دەنووسم ۔
وەک پەیمانەکانت نامێنێ!

لەخەوما نالی هایکو دەنووسێ،
بەمنیش ئێژێ –
بنووسە... بنووسە!

لە نووکی پەنجەوە،
تا تاڵەموەکانی سەرم،
گەشکەی دیدارتم!

نەشبارێی،
گرمەی بەهاری هاتنت،
دەمژێنێتەوە!

بە چپە بێژە: خۆشتم گەرەکە
ئەوین نهێنییەکە،
خواوەندەکانیش سەریان لێی دەرناچێ

بەبێ تۆ ،
ئەڤین نابێ،
ئەی تۆ چۆن بێ ئەو هەی؟

کل بەکار مەهێنە،
بە وشەی شیعرە رەشپۆشەکانم،
چاوت برێژە!

من ترسنۆك،
تۆ چاونەترس بە
لە باوەشتا ماچكوژمكە!

نووزەیەك با بێت،
شوشەیەك لە،
عەتری تۆی پێیە!

(گوڵ و ڕەنگ)
کوشتەی هەناسی هاوینە،
بۆیە وا سەرنەوی و رەنگ زردە؛
نێرگز!

ستیانی سەر تەنافەکەوت بەسەریا،
ئەمیش رەنگی بوو بە پرتەقاڵیی؛
هەمیشەبەهارە

چۆڕی پەلکە زێڕینە،
ئاسمانی نیلۆفەر دەگری
بۆیە گشت ڕەنگی دەنوێنی!

لە ئاسمانی کراسەکەی دایکم کەوتە خواری،
بۆیە شین شین داگەڕا؛
چاوەچۆلەکە!

زوو زوو خۆر نوقرچێکی لێدەگرێ،
نەتدیوە پەمەییە گۆناکانی!
گوڵە جەهەننەم!

شەو بەدیار جوتیارێکەوە بێدار،
وەکو ئەو زەرد هەڵگەڕاوە؛
گوڵی بامێ!

هەنگ هەناسەی تونکردووە،
بۆیە وا شین و مۆر بووەتەوە؛
گولی لەولاو!

شیلەی تامەزرۆیی -
هەموو دەم،
دەم ناگا بە دەم!

لووتی تەقی بەشەهیدێکا،
ئەها چۆن خەڵتانی سووریی خوێنە!
گوڵاڵە سوورە!

جۆدەلی وەرزێرێک کەوت بەسەریا،
خۆی لە گشت رەنگەکان هەڵژەند؛
گولیلک!

سەرپۆشی کچێک لەسەر دیوارە،
ڕەنگ نەما نەیخوازێ؛
نازناز!

پەپوولەی نەخشین،
تا چاوبڕکا ڕەنگ؛
گوڵی لۆبێ!

کاتی خۆرهەڵاتن،
دەخەوەمەوە ـ
تۆ هەڵنەهاتووی!

هەڵنەهاتنی خۆر پەسڵانە،
کاتی تەوبەی ماوە؛
عیشقت ؟

چەند ملهوڕە،
هەر ڕۆژە و بەشوێن بێڵێکەوەیە ـ
ئاو !

تاوەکو ئێستاش،
هەست بە زبریەکەی دەکەم؛
لەپی دەستی باوکم!

وەکو بڕبەن،
دەسکی داسەکەی ساف و لووس کردووە؛
دەستی جوتیارێک!

لە گۆڕەپانی کرێکاراندا؛
چاو بۆ مەینەت دەگێڕێ،
یەکی ئایار!

پاسارییەکی چاوباشقاڵ،
ڕۆژ نییە نەیەتە ناو مۆبایلەکەمەوە ـ
ژنێکی دڵتەڕ!

ڕووگەی هەتاوە،
بەرماڵی خاك ـ
گوڵەبەڕۆژە!

خۆی بەڕۆژووە،
ئاوی دەستنوێژەكەشی دەداتە نەمامەكان ـ
پیرەدار!

ئاگر چاوی لە چیلكەیە،
ئەو ماڵی بووكێنی پێ دروستدەكاـ
كوكوختی!

هاتووە بێتە چیرۆکنووس،
لەپاڵ هەر بەردێ حیکایەتێک دەدزێ ـ
پەپوولە سلێمانی!

لە مرۆڤی ئەمرۆ،
ئاوێنەکانیش بەگومانن،
رووکەش چاوبەستە!

چەرداخێکی قامیش،
پڕخەی خەو،
جوتیارێکی ماندوو!

هاڵاوی گەرما،
بووەتە داڵدەی سەگەکان ـ
سێبەری دارتوو!

بە بەرچاوی هەمووانەوە،
خوێنڕێژیی دەکا-
مێشوولەیەکی نەگریس!

خۆر ستوونییە،
نەمدی رۆژێ ئارەقە بکا-
داهۆڵەکە!

بەرەو ئێوارە دەچێ،
خۆیان بۆ کۆنسێرت ئامادە دەکەن ـ
بۆقەکان!

تا سەر سیسەمەکەم بەدوای یەکەوە،
سێکسکردنێکی خێرا ـ
دوو مەگەز!

پەپوولە سەرگەردانە،
بریسکەی چاوتی
لێبووە بە نووزەی چرا!

بەهار تەواوبوو،
خۆنچەی لێوانت هەر نەپشکووت؛
پەپوولە بێ ماڵە!
!

نیگات سێگۆشەی بەرمۆدایە،
تاکە ڕێگای دەربازبوونمە-
دڵت!

دۆڵی بالیسانە گەردنت،
من دواکەس نیم،
خوێنم دەرژێتە سەر تاشەبەردێکی!

قەت هێندە شیرین نەبووە،
بە هاتنی شەماڵی رووت بێتە سەما؛
دار زەیتوونەکەی تەنیشتت!

ئەگەر سەوزببووایە،
دەبووە چڕترین جەنگەڵی دنیاـ
ماچەکانمان!

بەم تاریکییە،
ڕووت دەرمەخە-
با پەروانەکان لێت کۆنەبنەوە!

یەکەم پیتی ناوەکانمان،
لەسەر قەڵەمتۆزەکە نووسی -
هەر ئەوە تاکە خاڵی پەیوەندیمانە!

شوێنی دەستبەندەکەت،
کەوتووەتە سەر ملم،
شەو باڵت کردبووە سەرینم!

لەجێی مەدالیای ملوانکەکەت
لە درزی مەمکتا بەجێما-
پەنجەکانم!

لەسەر ریتمی لەرینەوە گوارەکەت
هەلەکەسەمایەتی ـ
دڵم!

لەرینەوەی پەندۆڵەکە،
خەریکە دەمخەوێنێ ـ
گوارەکەت!

شەقامەکان قەرەباڵغ،
گیرفانەکان پڕ،
دڵەکان بەتاڵ!

وەفا چرایە،
کزکز دەگیرسێ ـ
کەس نابێتە سووتەمەنی

ڕووداوەکان،
زۆر بەخێرایی تێناپەڕن؛
ئێمە وەستاوین!

بووەتە داڵدە،
مێرووله لەژێریا وەستاون -
سێبەرەکەم!

ئێمە بەرەو رۆژهەڵات دەچین،
خۆریش بەرو رۆژئاوا،
هەریەکەمان بەرەو کۆتاییەک!

پۆلێک باڵندە دێن،
پۆلێکیش دەچن،
من و قەڵای شێروانە نەجوڵاوین

خەمێک دێ و،
یەکێکیش دەچێ ـ
من خۆم خەمم!

(ترایکۆفیلیا)
سەرپۆشی کورتی ،
قژی زەردی ناشارێتەوە-
گەنمەشامی!

با دەرنەکەوێ،
پەرچەمت -
من ترایکۆفیلیامە![1]

پەنجەکانم،
لە قژت ئاڵۆسکاندووە-
بە تەمای ماجێکی درێژخایەنم

(1) ترایکۆفیلیا: وشەیەکی لاتینییە بە واتای خۆشویستنی قژ یان هۆگریی و حەزە بۆ قژ

دڵپیسیی دەکەم لێت نزیکدەبنەوە-
پەپوولەکان,
بۆ عەشق نەبێ توخنی گوڵ ناکەون!

گشت مەغریبانێ
دەبێتە باخچەیەک مێخەک؛
شوێنی دانیشتنەکەی دایکم!

وەرە ناو دڵم،
رەشەبا زەفەر نابا بە؛
گۆڕستان!

لە گلێنەی چاوی ئاسماندا،
چقڵێکی زەرد دەرکەوت ـ
تیریژ!

کاتی خەوە،
بە ئەسپاییی دەچێتە ژێر لێفەکەیەوە ـ
مانگگیران!

ـ لە لاڕێگادا ـ
بە تەنها سەما دەکا،
هەڵاڵە سوورە!

تەزبیحی بچڕاو،
یاقووتی پرش وبڵاو-
دەنکۆڵە هەنار!

شەوقی زیوینی؛
گۆمی کرد بە چراخان،
مانگ لە چواردەیدا!!

شەوێکی هاوین،
شان بە شانی من دەڕوا؛
مانگیش گەشتیارە

(با) ڕووی لە ئەونا،
بڕوانێتە پەلکی خۆر؛
گوڵەبەڕۆژە!

لە تاریکییدا،
بریسکەی دوو تەشیلە؛
چاوی پشیلە!

تیریێژێکی کوشندە
بەرەو خولگەی دڵ دێ ـ
تیشکی چاوت!

کەشتییەکی فەزایی،
دێ دەمانبا ـ
ئیتر نایەینەوە بۆ ئێرە!

لەودیو سنوور
هەمان خۆر دەبینم ـ
هەر ئاوا نابێ!

گەشتیارێک،
بەهەڵداوان دەروا،
گەڕانەوە بەرەو نیشتمان!

بۆنی خاک،
هێشتا بەجلەکانمەوە ماوە،
شاریش لە جانتاکەما!

لە قەراغی ڕێگادا
هێشتا لێی دەترسم
تانکێکی سووتاو!

تاسەیەکی بەرز،
نیشتمانم بیردەخاتەوە
ئێرەش ڕۆژهەڵاتە!

کلوی بەفر،
پاشماوەی ماچە تەزیوەکانی بایە،
لەهەور دەکەوێت!

بەفر،
سەری مرۆڤەکان سپی دەکات،
روویان بەفر لەخۆ ناگرێ!

شەقام،
رەشمارێکی پێچاوپێچە،
زۆربەمان دەگەزێ!

وا تاریک دادێ،
ژوانی شەوێکی سووری هەیە-
خۆر!

بە گۆنای ئاسمانەوە،
سوراوەکەی جێدەهێڵێ ـ
خۆر!

من خوێنەر،
سروشت خۆی دەنووسێتەوە،
گەڵاپەڕەی رەنگاڵەیە!

من چۆلەکەم
کێڵگەیەکی ژێر کۆنترۆڵی داهۆڵێکە،
ترس!

من ئاوم،
جۆگەلەیەکی نوێم فریای لرفەم ناکەوێ،
هێزی نەرم

من سەربازم،
تفەنگەکەم هاوار دەکات،
خوێن... خوێن

بۆ هەمیشە،
بە تەمای گەڕانەوەی ڕێبوارەکانن ـ
توولەڕێکان!

تا مردن،
چاوەڕێی دەستێکن بیانکا بە چەپک ـ
گوڵی دڕکدار!

لێوی ڕێگاکەیان سوورکردووە ـ
شایی گوڵاڵەیە،
نەورۆزان!

گەڵایەک لە دێراوەکەدا،
کۆچبەری دەریایی رەشپێست ،
کەڵەمێرووله!

لەسەر قوڕاوەکە
دووبارەبوونەوەی ژمارە سێ ـ
شوێنپێی مەلەکان!

دووڕیانی ئەبرۆت؛
کامیان بگرمەبەر،
بۆ وێستگەی ماچ؟

سپیەچنارێک،
پاییزی پەنجەکان؛
بەڕووتیی شێتم ئەکەی!

بە گوێتەوە بوون بەگوارە،
با لەوێ جێبمێنن؛
لێوەکانم!

دەمەو بەیانە،
هێشتا تامی لەدەممایە،
سوراوەکەت!

بسکی خۆر
لە قاچی سێبەرەکەم ئاڵۆسکاوە
دەیکاتە کێش بەرەو رۆژئاوا

(کۆڵانی منداڵیی)
لە هەمان شوێن،
دیسان دەکەوم ـ
کۆڵانی منداڵیی!

بە ترسەوە دەڕوانم
لەوسەری کۆڵانی منداڵییەوە،
باوکم چاوم لێ سوورکاتەوە!

سەرەسیفۆنێکی کون –
دەمم دەتفتێتەوە،
مێشکیشم!

لەو شوێنەی یاریم دەکرد
یاریم پێدەکا ـ
ژیان!

با ،
پەیام بۆ دەشت دەهێنێ ـ
بەم زووانە هەورەکان شۆڕدەبنەوە !

گەڵا،
خۆی بەردەداتەوە باوەشی جۆگەلەـ
دوامەنزڵگە!

دار،
دەستی یەکیان گرتووە ـ
ترس لە رووتانەوە !

بە هەموو لایەكا تیربارانە،
ئەمشەو چەند ئەستێرە،
بەردەكەون؟

بەشاو،
دەمی كەفی كردووە ـ
گەڵا خنكاندوویەتی !

باخ ،
بووەتە رادیۆ؛
خشششششش !

شەوێکی تاریکە،
ڕەستێرەکان خۆیان دەشۆن
بە تیرێژەباران![2]

(2) تیرێژەباران: دیاردەیەکی گەردوونییە، ڕەستێرەکشان لە شەوێکی تاریکا زۆر روودەدا

گەرەکمە،
نەخێرنەمگەرەکە
لەوە زیاتر دەست بە ژیانەوە بگرم!

بیریان دەکەم
ئەو کوللە و زیکزیکانەی
لەبەردەم هاتنمدا هەڵدەبەزین

لە ناوەڕاستی ژیاندام
خۆزگە ڕێگەیەک دەبوو
بۆ گەڕانەوە!

لەبیرمچوو،
ئەوەت پێ بڵێم:
بێ تۆ دەتوانم بژیم

هەر زوو،
لەبیرم چویتەوە،
درۆیەکی سپی!

کاروانێک دانەوێڵە،
رووی کردووەتە شار
ریزی مێرووله!

بۆنی باران -
مێروولە هەڵپەیەتی،
جارەگەنم!

لایتی ئۆتۆمبێل،
کەڵەشێر دەقولێنێ،
هەموو رووناکییەک سپێدە نییە!

سپێدە،
شڵپەی ئاوی دەستنوێژ
یەکەم رۆژی تۆباکاری

سەرمای پاییز ـ
مانگ خۆی دەخزێنێتە باوەشی هەور،
تۆ سەرمات نییە؟

لەوسەری کۆڵانەوە
با هەڵدەکات ـ
یەکێک لە نیشانەکانی هاتنی تۆ

ئەم بەیانییە
تۆ دەرنەکەوتی
گوڵی نازنازەکان ناپشکون

هێشتا ونم،
خۆم نادۆزمەوە،
لە تەپوتۆزی چاوشارکێدا!

چاوشارکێ،
بریا هەر بخەوتایەم؛
گەورەبوون خەوی نییە!

# بەردم تێگرت
# وێنەکەمی لە دڵیدا لۆچکرد
# کانیاوێ !

لە بڵاوکراوەکانی یانەی هایکوی کوردی